# ڕۆژی گەل
ROJIGEL

هەفتەنامەیەکی سیاسییە حزبی ڕزگاری کوردستان دەریدەکات

تەمموز ٢٠٠٥ - پووشپەڕ ٢٧٠٥ ژمارە: ١٣١


# دەستوور چی لەدەست دێت کە واقیعی حاڵ پێمان دەسەلمێنێ پێکەوەژیان لەگەڵ شیعەو سوننە کە دواجار هەردوولایان هەر عەرەبن مەحاڵە

## ڕۆژەڤ

لە بەردەم نووسینەوەی دەستوور کۆسپی ڕاستەقینە دروست بووە بەر لە هەر شتێك چاوەڕوان دەکرێت دەستوورێك بۆ کیانێکی دروستکراو ماوەی درێژتر بخایەنێت، چۆن دەکرێت دەستوورێك دابنرێت سێ کوچکەی کورد- سوونە- شیعە ڕازیبکات کە هەریەکەیان لە ئاشێك دەخوێنێت، چۆن ئەم پێکهاتە ئاڵۆزە کۆ دەکرێتەوە، شیعەکان خۆیان بە ئەلتەرناتیڤی حوکمی سوننە دەزانن‌و بە عەقڵی شۆفێنی لە دژی کوردو بە عەقڵی ئیسلامیی‌و هەواداری بۆ ئێران لە دژی سوننە کار دەکەن، سوننەکانیش بە ئاسانی حوکمی لە دەستچوویان بیرناچێتەوەو پێشیان وایە فیدراڵیزەکردنی عێراق لە ناوچەیەکدا گەمارۆیان دەدات کە سامان‌و بژێوی تێدا نیە، کوردیش بەشێکە لە کوردی پارچەکانی ترو بە دوای خەونە نەتەوەییەکانیدا دەگەڕێت، داوای کەرکوك‌و خانەقین‌و شەنگارو ناوچەیەکی زۆری موسڵ‌و دیالی‌و کوت دەکات ئەمانە هەمووی ئاراستەی دژ یەکن، ڕەنگە لە دکتاتۆرییەتدا عێراقێکی یەکگرتوو بە زەبری هێزو ئەنفال‌و سەرکوتکردن دروست بێت، بەڵام لە دیموکراتیەتدا چۆن ئەو هەموو گروپە کۆك دەبن، پێمان وایە مقۆمقۆکردن لە سەر داڕشتنەوەی دەستوورو نەگەیشتن بە ئەنجامێکی یەکلایی باشترین بەڵگەی نوێیەکە عێراق بە زۆر دروستکراوەو پێکهاتەیەکی هەرەمەکییانەو نا عەقڵانییە، ئەوەندەی لە دیموکرایەتدا، بەرەو هەڵوەشان دەچێ، هەرگیز بەرەو بنیادنانەوە ناڕوات، دەپرسین بۆچی بە دیار سوونەیەکەوە دانیشتووین بە عەقڵی کۆنەوە دەژین‌و دانی ئەنفالکردو قرکردنمان لێ جیڕ دەکەنەوە، بۆچی بەدیار شیعەیەکەوە دانیشتووین دەیانەوێت شمشێری جەلادی لە سوونە وەربگرن‌و هەموو ڕۆژێك جەعفەرییەکان دەیانەوێت پاشقولمان لێبگرن، یان دەیانەوێت لە دەستووردا بیسەلمێنن کە عێراق عەرەببەو ئیسلام سەرچاوەی یاسادانانە، ئێمە بەرەو ڕۆژئاواو کۆمەڵگای مەدەنی دەڕۆین‌و ئەوانیش بەرەو ئێران‌و پان- شیعەگەری دەڕۆن، سوونەکانیش لە دەریای تیرۆردا مەلەدەکەن، دەپرسینەوە دەستوور چی لە دەست دێت کە واقعی حاڵ دەیسەلمێنێ پێکەوە ژیان لەگەڵ شیعەو سوونە کە دواجار هەردوو لایان هەر عەرەبن مەحاڵەو مەحاڵ.

## هنری بارکی

# ئەمەریکا نابێت جارێکی‌تر خیانەت لە کورد بکات

لە دیمانەیەکی ڕۆژنامەی(میلیتی)تورکی، هنری بارکی سەرۆکی بەشی پەیوندیە نێودەوڵەتیەکان لە زانکۆی (لاهای)و پسپۆڕی کاروباری تورکیا، کە چەندین لێکۆلینەوەی لەسەر کێشەی کورد هەیە، ڕایگەیاند کە چەند جارێك ئەمەریکا خیانەتی لە کورد کردووە، بۆیە جۆرج بۆش و ئیدارەکەی نایانەوێت جارێکی‌تر بکەونە ئەو هەڵوێستەوەو، لەبەردەم تاوانکارییەکی‌تری دژ بە کورد بێدەنگ بن، ئەویش لە حاڵەتێکدا کە سیاسەتەکەیان لە عێراقدا شکستی هێنا، هەروەها لە وەڵامی پرسیارێکی دیکەدا وتی: لە ڕۆژگاری ئەمرۆدا لەنێوان ئەمەریکاو تورکیا متمانە نییە، ئەمەریکا لەسەر سینییەکی‌زێڕ ئۆجەلانی دا بە تورکیا، ئەوکاتەی ئەجەوید لەساڵی ١٩٩٩ دا لەسەر حوکم بوو، کەچی ئەمڕۆ لە تورکیا پڕوپاگەندەی دژ بە ئەمەریکا لە ئارادایە،تورکەکان ئەڵێن ئەمەریکا ئەیەوێت تورکیا دابەش بکات ،دەوڵەتی کوردی سەربەخۆ دامەزرێنێ،ئەگەر تورکیا هاوپەیمانی ئەمەریکایە،پێویستە هاوکاری ئەمەریکا بکات ئەمەریکا لە عێراق چەندین گیروگرفتی هەیە،چونکە ئەمەریکا هاوکاری تورکیای کردووە ئەوکاتەی گیروگرفتی pkk لە ئارادا هەبوو، ئەمرۆش کە داوا لە ئەمەریکا دەکەن هێزەکانی pkk لە قەندیل دەربکات ئەمەریکاش لە وەڵامدا دەڵێت ئەی بۆچی ئێوە هاوکاری ئەمەریکا ناکەن کە ڕۆژانە چەندین سەربازی ئەمەریکی لە عێراق لەناودەچێ.

هەر لەو دیمانەیەدا بارکی سەبارەت بە سوریا وتی: هەندێ لایەن لە تورکیا پێیان وایە سوریا ڕژێمێکە جاکسازی ئەنجام دەدات، لەناویشیاندا خودی سەرۆك وەزیران، بەڵام ئەمەریکا و یەکێتی ئەورپا هیچ متمانەیەکی بەسوریا نیە، ئایا تورکیا بیری چوو کە حافیز ئەلئەسەد مرد، پەرلەمانی سوری لە ماوەی ٤٥ خولەکدا دەستوری سوریای گۆڕی تا بوار بۆ بەشاری کوڕی بڕەخسێ فەرمانڕەوایی بگرێتە دەست، ئایا ئەمە گاڵتەجاری نیە.

لە وەڵامی‌پرسیارێکی تری ڕۆژنامەی میلییەت سەبارەت بەوەی چۆن تورکیا دەتوانێت لە عێراقدا یارمەتی تورکیا بدات؟بارکی وتی پێویستە تورکیا بگەرێتەوە بۆ سەردەمی ئۆزاڵ واتە دەبێت سیاسەتێکی نەرم بەرامبەر بە کورد بەکاربهێنێ و ڕۆڵی پارێزەری کورد ببینێ .

## لەدیار بەکر

# داوای فیدراڵی لەنێوان کوردو تورك دەکرێن

پارتی هەق‌و ئازادی لەدیاربەکر هەڵمەتێکی ئیمزا کۆکردنەوەی بەرپا کردووە ئەویش لەپێناوی دامەزراندنی ڕژێمێکی فیدراڵی لەتورکیا وەك ئەوەی کە لەعێراقدا پەیڕەو دەکرێت، فیدراڵیەکەشیان دەوێت لەنێوان کوردو تورکدا بێت، لەم بارەیەوە دروشمێکیان نوسیوە کەلەسەری نوسراوە (ئێمە کوردین‌و لایەکی ئەم نیشتمانەین‌و داوای مافەکانمان دەکەین) داواش لەهاوڵاتیان دەکەن‌و ئیمزای خۆیان لەسەر داواکاریەکە دابنێن، خالسی نزان بەرپرسی ئەو حزبە لەدیاربەکر ڕایگەیاند کە ئامانجیان لەم هەڵمەتە دانانی ڕژێمێکی فیدراڵیە لەتورکیا وەك ئەوەی ئێستا لەعێراقدا هەیە.

## ئیبراهیم شاهین

# P.K.K بە چەکی ئەمەریکی لێماندەدات



ڕۆژنامەی (یەنی شەفەق) ڕایگەیاند کە (ئیبراهیم شاهین) جێگری سەرۆکی هێزی تایبەتی پێشوو لە دیمایەکدا وتی ئەو تەقەمەنییانەی کە لەم دواییانەدا (P.K.K) لەدژمان بەکاری دەهێنێت تەقەمەنی ئەمەریکین، لەڕێگای سوپای عێراق دەسگیریان دەبێت، هەروەها پێمان وایە ئەمەریکا پشتیوانی ئەم چالاکیانە دەکات، چونکە ئەمەریکا لەڕێگای پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە دەیەوێت دەست بەسەر جیهاندا بگرێت‌و تورکیاو جیهانی ئیسلامی دابەش لکات.. شاهین لە درێژەی لێدوانەکەیدا وتی ماوەی ٢٠ بیست ساڵ دژی تیرۆر کارمان کرد تا توانیمان کارەکانیان ڕاگرین، ئێستاش دەیانەوێت زیندوویان بکەنەوە، هەروەها چالاکییەکانی P.K.K ی خستە ئەستۆی ئەمەریکاییەکان‌و لەم بارەیەوە شاهین بە سەرسوڕمانەوە دەپرسێت: ئایا ڕێی تێدەچێت P.K.K بەبێ ڕازیبوونی ئەمەریکا ئەم تەقەمەنیانە لەدژمان بەکار بهێنن.

# با گردی قشڵە پارێزراو بێت

**لەنزار محەمەدەوە**





ماوەی مانگێکە بەڕێوەبەرێتی شوێنەواری سلێمانی کەوتونەتە هەڵمەتێکی بشکنینی (تنقیبات) لەسەر گردی قشڵە، ئەویش بەهۆی ئەوەی پێشتر ئەم گردە مێژووییە کەئاسەواری ٨ هەزار ساڵی تێدایە کەوتە بەر ڕەحمەتی دەمی شۆفڵ، لەو هەڵمەتەشدا تائێستا ژمارەیەکی ئێجگار زۆر بابەتی ئاسەواری دۆزراوەتەوە، شایانی باسە ڕوخاندنی گردی قشڵە لەئەنجامی فرۆشتنیەوە بووە بەدەوڵەمەندێکی کورد بەناوی حەسیب مەلا ساڵح کە لەبایەخی ئەم گردە بێ ئاگا بووەو بەئیمزای بەڕێز دکتۆر بەرهەم سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی پێشووی حکومەتی هەرێم فرۆشراوە، بەبڕی ٨٠٠ هەزار دۆلار.

هەر لەو ساڵەدا واتە ساڵی ٢٠٠٢ نیاز وابوو سەرای سلێمانیش بڕوخێنرێ بەڵام بەهۆی ناڕەزایی ڕۆشنبیران‌و هەڵمەتی چەندین ڕۆژنامەی ئازادو کۆکردنەوەی هەزاران ئیمزای ناڕەزایی توانرا ئەم کارە ڕابگیرێ، گردی قشڵە کەبەرامبەر مزگەوتی گەورەی سلێمانیە، مۆرکێکی مێژوویی‌و بایەخێکی کەلەبوری بەو ناوچەیە دەبەخشێت کەشاری سلێمانی وەك شارێکی نوێی لەسەر دروستکراوە.

لەلایەکی تر سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو پێی ڕاگەیاندین بەڕێز عومەر فەتاح سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، ٨ خانوی ئاسەواری کڕیوەتەوەو نیاز وایە هەر ئەمساڵ ٢٠ خانوی تر بکاتە موڵکی حکومەت‌و لەڕوخان ڕزگار ببێ، هەر ئەو سەرچاوەیە ڕایگەیاند کە کار بۆ ئاوەدانکردنەوەی شورای دەربەندیخان دەکرێت هەروەها شوراو بورجی دەربەندی بازیان زیندو بکرێنەوە کەمێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی لۆلۆییەکان‌و وە هەروەها بەسەرۆکایەتی عەبدولرەحمان پاشای بابان دووجار شۆڕشی تیا هەڵگیرساوە بەرامبەر سوپای تورك قایم کراوە.

لەم ڕوانگەیەوە ئومێدمان زۆرە کەبەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لەپێناوی پارێزگاری لەبنکەیەکی کەلەبوری‌و شارستانی گرنگی وەك گردی قشڵە هەنگاو بنێ‌و پرۆژەی کردنی بەدوکان‌و بازاڕ بوەستێنرێ‌و لەبری ئەوە وەك ڕەمزێکی مێژوویی کوردستان‌و جیهان بهێڵرێتەوە.. لەمێژوی نوێشدا تۆپی ڕەمەزان لەسەر ئەم گردە بووەو ڕۆژانی هەینیش کاتێك شێخ مەحمودی نەمر لەمزگەوتی گەورە دەهاتە دەرەوە، شێخ سەعیدی شێخ ژن بۆ ڕێزی شێخ مەحمود تۆپەکەی دەتەقاندو هاواری دەکرد بژی شێخ مەحمود.. ئێمە ئەم داوایە دەکەین‌و پێمان وایە جێبەجێکردنی ئەبێتە مایەی گۆڕینی ڕای شەقامی کوردی لەناڕەزاییەکەی ساڵی ٢٠٠٢ بۆ سوپاسنامەو پێزانین.

# عەرەبە هاوردەکان ڕازی نین دێی بەشیر چۆڵ بکەن



ئەو عەرەبە هاوردانەی کەکاتی خۆی دێی بەشیریان تەعریب کردووە داوایەکی ڕەسمی ئەنجومەنی شارەوانی کەرکوکیان ڕەتکردەوە کەداوایان لێدەکات دێی بەشیر چۆڵ بکەن، لەبەرامبەردا قەرەبوی مادی بکرێنەوە، عەرەبەکان ئەو داوایەیان ڕەتکردەوە کەبەپێی مادەی ٥٨ ئاراستەیان کرابوو ڕاشیانگەیاند کە ئەم داوایە لەگەڵ یەکێتی خاکی عێراق ناگونجێ‌و بەرژەوەندی نیشتمانی دەخاتە مەترسیەوە، لەلایەکی تر عەرەبە هاوردەکان قسەی (لیژنە، لەیەك گەیشتن‌و چارەسەری نیشتمانی) یان بەدرۆ خستەوە کەوتبوی خێزانە عەرەبەکان ئامادەن کەرکوك چۆڵ بکەن، ئەندامێکی ئەنجومەنی عەشایەرە عەرەبەکان بەناوی شێخ دوهان محەمەد دوهان لەم بارەیەوە وتی: جێبەجێکردنی مادەی ٥٨ مەترسی دابەشکردنی عێراقی هەیەو دەبێ گشت عێراقیەکان پرۆژەی کۆچ پێکردنی عەرەبە هاوردەکان ڕەتبکەنەوە، هەروەها وتی دەرکردنی هەزاران عەرەب‌و گێڕانەوەی کورد قەیرانێکی ڕەگەزی لەکەرکوك دەخولقێنێ، لەلایەکی تر دیفد فالد نوێنەری گروپی عەرەبی‌و تورکمان‌و عەرەب لەکەرکوك ڕایگەیاند کەواشنتۆن خوازیاری چارەسەری گونجاوە بۆ کێشەی کەرکوك، لەلایەکی تر عەلی مەهدی نوینەری حزبی تورکمانی وتی کورد بەرپرسیارە بەرامبەر گۆرینی دیموگرافیای کەرکوك پاش ئەوە هەزاران کەسیان چۆتە کەرکوك‌و هێزە ئەمەریکاییەکانیش سەرپەرشتیان کردووەو پێیان باش بووە.